# هەموو کەس ناز دەکات تەنها مەلا نەبن

**مەلامسلم مەلاصالح فریزی**

خەڵکی ئەو سەردەمە گلەییو گازاندەو نازکردنو زویر بوونیان هەر لە حکومەتەوە بگرە تاوەکو دەگاتە هاوڵاتیەکی ئاسایی.. لەنێو هەموو ئەمانەشەوە مامۆستایانی ئاینی دەبێ دڵی هەموو توێژێکی کۆمەڵگە ڕاگرن، بەڵام خۆیان نەك ناتوانن ناز بەسەر کەسەوە بکەن بەڵکو (نازیشیان بەسەردا دەکرێتو) دەبێ نازانیش راگرن، دەبێت ئاگایان لە پیر بێت (نەبادا بڵێن مەلای ئێستا ڕێز لە بەساڵاچوەکان ناگرن)!، ئاگایان لەتوێژی ئافرەت بێت (نەبادە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان قسە هەڵبەستنو بڵێن: ئیسلام مافی ئافرەت نادات)! هەروەها ئاگایان لەدڵی منداڵ بێت (کە ئەمە بەلامەوە لە هەمووی پێویست ترە، چونکە توێژێکی ناسكو پاکە)، هەروەها دەبێ ئاگایان لەدڵی هەرزەکار بێت (نەبادا مل بدا بەلایەكو یا کردارو گوفتارێکی نەشیاو ئەنجام بدات)!، وە دەبێ زۆریش ئاگایان لەدڵی گەنج بێت (نەبادە بە شتێك لەقەڵەمی دەنو بیر لەسەوڕە لەسەری بکەنەوە)... هتد. ئەوانەو حکومەتو ئاسایشو نازی وەزارەتی ئەوقافیش با هەر لەولاوە بوەستێت.

ئینجا وەرە مامۆستای ئاینی ئاگات لەدڵی هەموو ئەوانە بێت: هەر لە پیرەژنێکەوە تاوەکو منداڵێك..

کەسێك خۆی زویر دەکات لەمزگەوت خێرا مامۆستای ئاینی بەیاوەری چەند کەسێك دەڕۆن بۆ لای..

– هۆکاری زویر بوونەکەی چییە؟

نازانین، نادیارە!

– هەڵەکە لەکوێ وەیە؟

گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە: مامۆستا دەبێ دڵی گەورەتر بێتو بچێت ئاشتی کاتەوە، هەروەك (پەنامان بە خوا) بۆ مەلا بێتە مزگەوتو نوێژ بکات ئاوها لەکاتی تورەبوندا رەفتار دەکەن!

* لێرەدا پێم خۆشە بەکورتی ژیانی مامۆستایانی پێشوو لەسەردەمی (قەناعەتو پڕ سۆزو بەبەزەییو ئەو پەڕی بەڕێزی — سەردەمی زێڕینی) بابو باپیرانمان بۆ خوێنەری بەڕێز بخەمە ڕوو:

– لەساڵانی ئەوان ژیانیان تێید گوزەر دەکرد: مامۆستایانی ئاینی جگە لەوەی قۆناغو فێرگەو دڵسۆز بوون بۆ دینو خاكو میللەتیان.. خەڵکیش زۆر بەچاکی بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵدەستان بەرامبەر بە مامۆستایانی ئاینی: هەر لە باراشو بارەدارو بان گێڕانو بەتەنگەوە هاتنو دار قەدکردنو... هتد.

لەکاتێکیشدا کە ئەو پەڕی ئەدەبو ڕێزیان دەنواند بەرامبەریان، ئەگەر ڕێکەوتبا مامۆستا دڵی زویر ببا لەشتێك ئەوە هەموو خەڵکەکە خۆیان داویشتە ماڵیو دڵیان چاك دەکردەوەو نەیاندەهێشت جێیان بێڵێت، وە ئەگەر هەر کاتێکیش ڕۆیشتبا ئەوە زۆر بۆی بەپەرۆشەوە دەبوونو هەر باسیان دەکرد بە چاکە.

بەڵام هی ئێستا (لەگەڵ کاملی ڕێزم بۆ دڵی بەرامبەر):

مامۆستا نازی نیە، سەرەڕای ئەوەش کە نازی (وەك پێویست) ڕاناگیرێتو بە پێچەوانەوە دەبێ ئەو نازی خەڵکی ڕاگرێتو ئاگای لەدڵی یەکە بەیەکەیان بێت، ئینجا نەك هەر هیچیشیان نییە بۆ مەلا بەڵکو هەر چاوی لێ یان بزربی غەیبەتی دەکەن! وە ئەو بڕە مووچەی بە حەقی خۆی وەری دەگرێت پێی ڕەوا نابینن (بەداخەوە)! ئەوەتانێ یەك دەڵێ: مەلا بونەتە بەبارگرانی لەسەر بودجەی حکومەتو ئەوی تر ئەڵێ مەلا چۆن ئەبێ خانوو سەیارەو ژیانی خۆشی هەبێت بەڵکو (بەڕای بەڕێزیان): دەبێ بەرد بنێ بە زگی خۆی! سەرەڕای ئەوەی کە زۆرێك لە مامۆستایانی ئاینی بە سەیارەیەکی بە قەرز کڕدراوی خۆیانو ڕاتبێکی نەمریو نەژی هەموو کونو قوژبنێکی ئەم کوردستانە دەکەن بەیاوەری خەڵکی نوێژ خوێن لە هەموو مەڕاسیمەکانی ئاینیو کۆمەڵایەتی (ئەو خەڵکە) بوونی بەرچاویان هەیە، ئینجا لە جیاتی دوعای خێر بۆ کردن کەچی دەڵێن: مەلا بویتێ، یا مەلا چۆن دەبێت ئەوەی هەبێت! ئیتر زمانی تیژو قسەی زبر بەرامبەر بە مامۆستا بەکاردێنن (بە بێ گوێدانە پێگە پیرۆزەکەی لەڕووی ئاینیو کۆمەڵایەتییەکەشیەوە)! فلاحول ولاقوە إلا باللە.

* بەڵام لێرەدا لەکۆتایی بابەتەکەم: ئەوەی من وەك مەلایەك دڵم پێی خۆشەو دەمەوێ هۆکاری دڵخۆشیەکەشم بە مامۆستایانی ئاینی رابگەیەنم.. بەهەموو مامۆستایەکی ئاینی بەڕێزو قەدر گران دەڵێم: (یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان) ماڵی هەموو مامۆستایەکی ئاینییە بەبێ جیاوازی، هەر لەمەکتەبی تەنفیزیو لقەکانی تا ناوچەو ڕێکخراوەکانی، وە داکۆکی کاری یەکەمن بۆهەموو مامۆستایەکی بەڕێز، کە (سوپاس بۆ خوا) کەسانێکی دڵسۆز بۆ پێگەی مەلا، هەروەها هەستیار لە زامو ژانو موعاناتی مەلا لەساحەکەن، رابردوو شاهێدەو چەندین نمونەی وە وەلأم هاتنو داکۆکی کردن لە مافی مامۆستایانی ئاینی لێیان بینراوە، هەموو ئەو بەڵگانە وانیشانەداتو شاهێدن لەسەر ئەوەی کە (مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان)و (لقەکانی): چەندە غەمخۆری دینی ئیسلامو هەروەها میللەتی کوردی خۆیانو توێژی مامۆستایانی ئاینین، دەروی خێرو تیشکی ڕووناکی لەو یەکێتیەوە دەبینم، کە پێویستە هەموو مامۆستایانی ئاینی بەڕێزیش دەرك بەو حەقیقەتە بکەنو یەکێتی زانایان بە (مەرجەع)و ماڵی خۆیان بزانن.

# فتوای خەتەنەو پێشینەی خانووبەرە



**د. ئەرسەلان بایز**

لەڕۆژی سێشەممەی رابردوو، لەگەڵ لێژنەی ئەوقافو کاروباری کۆمەڵایەتیو ژمارەیەك خوشكو برای پەرلەمانتار، لەوەڵامێکی سەردانێکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی لەکوردستاندا، سەردانی بارەگایەکەیانمان کرد لەهەولێر، سەرباری پیرۆزبایی لەو دەستە گەنجەی کە سەرکردایەتی ئەم دەورەیەی ئەو ڕێکخراوە ئەکەن، چەندین مەسەلەی گەرمی ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسیو ئایینیو نیشتمانی ناوچەکەشمان باس کرد.

هەردوو فتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا لە بارەی:

١ – خەتەنەکردنی کچان (کارێك نییە کە دەبێ هەر ئەنجام بدرێت، بەڵکو ئەگەر نەیکرد هیچ تاوانی نیە.

٢ – لەبارەی پێشینەی خانووبەرەش (ئەو بڕە پارەیەی لە هاوڵاتییان وەردەگیرێت بەناوی خەرجییە جۆراوجۆرەکان ناچێتە خانەی ریباوە، لەهەمان کاتیشدا ئەو بڕە پارەیەی کە بەناوی کۆمپانیای دڵنیاییەوە لە هاوڵاتییان وەردەگیرێت خودی پێشینەی خانووبەرە حەرامی ناکات)، بەشێك بوون لەو باسو گفتوگۆیانە، وێڕای دەستخۆشی لێیان کە دوو هەنگاوی گەورەو کاریگەرو سەردەمیانە بوون لەبواری ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا، کە ماوەیەکی زۆر بوو مشتومڕی زۆری لەسەر بوو، باسمان لەو گلەییانەش کرد، کە هەندێ کەسو گروپو ڕۆژنامەو ڕێکخراو، وایان راگەیاند بوو کە ئەو فتوایانە شتێکی ئەوتۆ نینو گۆڕانکاریی نییە لەو بوارەدا.

بێگومان ئەو کەسو لایەنانەی بەو جۆرە ئەڕواننە مەسەلەکانو وەکو خۆی شتەکان نابینن، یان زۆر پەلە پەل ئەکەنو بروایان بە گەشە کردنو گۆڕانو پێشکەوتنی هێمنانەو سروشتی کۆمەڵگا نییەو ئەیانەوێ بە عەقڵی رابردووی کودەتای سەربازی گۆڕانکاریەکان بکەن، یان بێ ئاگان لەوەزعی کۆمەڵایەتیو ئایینیو لەکوردستانو ناوچەکەدا، یان نایانەوێ کوردستان ئارام بێت.

ئەمڕۆ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو هەندێ لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتدا، حزبو گروپی وا پەیدا بوون کە لەجیاتی دروستکردنی پردو پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی تری جیهانو کۆمەڵگای مەدەنی، لە جیاتی ئەوەی تێکەڵاوی شارستانیەتی سەردەم بنو سوود لە زانستو فکری نوێو کلتوورە پێشکەوتووە هەمە ئایینو هەمە جۆرەکان وەربگرن، فتوای گوێگرتن لە دەنگی ئافرەت لەرادیۆو گۆرانیو مۆسیقاو سەیر کردنی تەلەفزیۆن بە حەرام دەردەکەن، ئەو کەسو لایەنانە پێیان وایە ئەو جۆرە هونەرو ئامێرانە ئەقڵی گەنجان تێك ئەدەنو بەرەو خراپەکاریو فەسادییان ئەبەن.

لەلایەکی تریشەوە، چەندەها کەناڵی ئاسمانیو تەلەفزیۆنی بەناوی پاراستنو گەشەپێدانی ئایینی ئیسلامو مەزهەبە جیاوازەکان دامەزراون، هەر کەناڵەو مەزهەبو (مرجع)و حزبو گروپێك لە پشتیانەوەنو ئیدارەیان ئەدەن، بەداخەوە هەندێکیان رۆژانە دژی یەکتر قسە ئەکەن، سوکایەتی بە مەزهەبو صەحابەو پیاوە ئایینیە خزمەتگوزارە ناسراوەکانی یەکتر ئەکەن، هانی منالکارو گەنجەکان ئەدەن خۆیان بتەقێننەوە.

بەداخەوە ئەو کەناڵانە لەجیاتی ئەوەی ئایینی ئیسلام خۆشەویست بکەن مەزهەبەکان لێك نزیك بکەنەوە، دۆستو لایەنگری زیاتری بۆ پەیدا بکەن، درزی نێوان بۆچوونە جیاوازو مەزهەبەکان لەئیسلامدا گەورەتر ئەکەن، تەنانەت هەندێ مامۆستای ئایینی فتوای ئەوەیان داوە، کە ئیسلام ڕێگا ئەدات زەکاتو سەرفیترەو صەدەقە کە لەبنەڕەتدا لەئایینی ئیسلامدا بۆ هەژارو لێقەوماوان دانراوە، فتوای ئەوەیان داوە بدرێتە ئەو رادیۆو کەناڵە تەلەفزیۆنانەی کە (بەناو) ئیسلامین، بێگومان بەشێکی لەو پارانە بۆ مکیاجو دروستکردنی ستۆدیۆو کرێی هاتنی میوانو کارمەندانی تەلەفزیۆنەکان سەرف ئەکرێت.

ئایا لەم کەشو هەواو ململانێ سیاسیو ئایینو مەزهەبو ئەو فتوا مەترسیدارانەی کە بەناوی ئایینی ئیسلامی پیرۆزەوە، بۆ بەرژەوەندی هەندێ ئەشخاصو گروپی سیاسی، لێرەو لەوێ ئەدرێت، ئەو دوو فتوایەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی لەکوردستان، هەنگاوی گەورەو بەرەو پێشەوەچوون نین..؟ ئایا جێی دەستخۆشیو پشتیوانی لێکردن نین..؟

هەقە کارو رووداوو شتەکان وەکو خۆیان ببینرێن، چونکە زادەی کەشو هەوای دەوروبەرو سەردەمی خۆیانن، هەقە لێژنەی ئەوقافو پەرلەمانی کوردستان پەیوەندی لەگەڵ ئەو مامۆستا گەنجانە پتەو تر بکاتو پرسو راو راوێژی زیاتریان لەگەڵدا بکات. حکومەتیش زەمینەسازیو کار ئاسانی پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکات.

* **لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وەرگیراوە.**

# مەلای گەورە وەك خۆی لە رابردوو و ئێستادا



**مەلا عوسمان سێگردکانی**

**بەشی یەکەم**

کاتێ خوێندنەوەو دیراساتی ژیانیئەو مەلایە دەکەی، هەست دەکەی کەوا لە قوتابخانەو خوێندنی فەلسەفەو سەقافەی فەیلەسوفی شەرقی جەمالەددینی ئەفغانیت، وا لە نوێبوونەوەو خوێندنی سەردەمی موجەدیدی میسری محمد عەبدەی، وا کارو چالاکی درێژە پێدەری ئەو مەدرەسەیەی لەگەڵ محمد رشید رەزای، فەرعو بەشێکی ئەو قوتابخانەیەت لەمیسرەوە هێناوە بۆ کوردستانو دەیخوێنیت، لەلای موجەدیدی کوردی مەلای گەورە.

بۆ ناسینی کەسایەتیو شارەزای لە رۆشنبیری هەر مرۆڤێك، ئەوە باشترین شت وتەو نووسراوەکانیەتی، بۆیە مەلای گەورەش هەر ئاوا ناوبانگی دەر کردووە، ئاوا دادەندرێت لەناو زانایانی کوردستاندا، بەڵام ئەو قوتابخانە گەورەیە هەر بە وەفاتی ئەو زاتە کۆتایی هات، تەمەنی زیندوویی فەلسەفەی مەلای گەورە بەس لەناو کتێبەکانی ماوەو بەس، بەراستی قوتابخانەی ئەو زاتە چالاکانە کەوتە کار، تێکەڵاو بوو لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو رۆشنبیری کوردستان، زۆر خەڵکی پێگەیاندو زۆرێکیش لێی سوود مەند بوون، بەڵام نەیانتوانی درێژە بەکاروانەکەی بدەن، بەو شێوەی مەلای گەورە دەیویست، لەناخی گەرمەوە لە چاو رێزەوە بۆ ئەم مەدرەسەیە چەند خاڵێك باس دەکەین، کە ئەو کاری جدی لەسەر کردووە، پرۆگرامە بۆ مەلایەتیو ژیان، بە زیندوویی ئەمێنێتەوە، درێژە پێدەر دەبێت بۆ قوتابخانەکەی:..

## یەکەم: بونیادی عیلمیو سەقافەی شەخسی

خۆ پێگەیاندن لە عیلمو سەقافەو فکر بەشێکی زۆر گرنگە لە بونیادی کەسایەتی مرۆڤ، مەلای گەورەش جگە لەوەی کە ئەو ماڵو لانەی هەیبووە، لەلایەنی زانستیو ئیداریەوە، خۆی هۆکارێکی تر بووە لەدروست بوونی کەسایەتیەکەی، چونکە زۆر کەسی تر هەبوونە ئەو دەرفەتەیان بۆ رەخساوە، بەڵام ئەوا دروست نەبوونە، با سەیر کەین چۆن ئەو خاڵەمان بۆ روون دەکاتەوەو دەیکات بە خاڵی وەرچەرخان لەژیانی مرۆڤەکاندا، کە ئەویش بریتیە لە تەرکی لەززەتی دونیا لەپێناو گەیشت بە عیلمو مەعریفەت:

**دەرگەی لەززەت لەسەر خۆ بەست**
**چی عیلم بوو هەمووم بەدەست خست**

مەلا گەورە ئاوا خۆی دروست کرد، ئەو شیعرەش کاتێ گوتویەتی، کە کارەکەی بە دەست هێناوەو بەیانی حاڵی خۆی بۆ ئێمە دەکات، بۆچی؟





دەیەوێ ئاوا پێمان بڵێ ئێوەش ئاوا دەتوانن ئەو بکەن، بەراستی ئەمە کاکڵی تێگەیشتنە لە دین، ئەمە رۆشنبیری دینیە، ئێمەش ئاوا دەتوانین خۆمان دروست بکەین، مەلایەتی برەو پێ بدەین، سەقافەی ئایینی دروست بکەین، ئەمە جێبەجێ کردنی ئایەتی قورئانە (وَاتَّقُوا اللهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللهُ)..

## دووەم: نوێخوازیو نوێ بوونەوە:

کاری نوێخوازی بەردەوام پێستی پیاوە لێهاتووەکانی عالەمی ئیسلامییە، بەڵێنو عەتای خواییە، کە داویەتی بەم ئۆممەتە تاوەکو بەردەوام زیندوو چالاك بن.

نوێخوازیو نوێ بوونەوە جا لەبواری فقهە شەرعیەکاندا، یان لەسیاسەتو کۆمەڵایەتیدا، بەردەوام دەرچوونی دەوێت لە کۆمەڵێك کۆتو بەربەستی رابردوو، بەرنامەو پرۆگرامی دەوێت بۆ داهاتوو، بۆیە کارێکی تۆزێك سەختە.

مەلای گەورە کەسێکی تەواو تێگەیشتوو بووە لەژیانی خەڵکی کوردستان لەبواری عیلمو زانستەوە، وە لەسیاسەتو ئابووریدا وە داگیرکەری ڕۆژئاوایی لەولاوە، وە لەڕێ لادانی بەناو ئاینو کەرامەتەوە، بۆیە دەتوانین چەند خاڵێك لەو هۆکارانەی، کە دەست نیشانی کردووە باس بکەین

أ – نەخوێندەواریو نەزانین: لەو بارەوە دەڵێت:

**هەستە پێشکەوە ئەی لاوی کۆیی**
**ئاگات لە خۆبێ کاروان رۆیی**
**بە نووری عیلمی ڕێگا بەدەرخە**
**بە زۆری بازو باری بەسەرخە**
**بە باڵی عیلمی بفڕە وەك تەیران**
**بەهێزی عیلم هەڕوە بن بەحران**

مەلای گەورە ویستوویەتی خەڵك هان بدات بۆ تەکنەلۆژیاو زانستی سەردەمو صناعەت، کە میللەتان بەهۆیەوە توانیان وولاتی موسڵمانان داگیر بکەن، بۆیە دراسەی ئەم جانبە زۆر جار باسی کردووەو هانی نەوەی نوێی داوە، تا لەژێردەستی ڕزگاریان بێت.

ب – باوەڕبوون بەخورافیات

لەسەردەمی مەلای گەورە تەصەوفو... لادان بەخۆوەی دەبینێت، خەڵکێکی زۆر چۆن لەبەرگی دەروێشو شێخدا نواندووەو خەڵکیان چەوساندۆتەوە، کە ئەمەش دەشتی کۆیەی داگرتووە لەو سەردەمەدا، وە شتێکی باو بووە، وە ئێستاش بە چاوی خۆمان ئاسەوارەکەی دەبینین لە ناوچەی خۆمان، ئەمە وایکردووە خەڵك بڕوا بە خورافیات بکات، لادانی فیکری بە دوواوە بووە بۆیە مەلای گەورەش بەربەرەکانێی کردووەو زۆر دژایەتی ئەمانەی کردووە، ئۆباڵی نەزانینو دواکەوتنو داگیرکاری خستتۆتە ئەمانە، ئەمەشە وای کردوە بازێك جار خەڵکێك وابزانێت مەلای گەورە دژایەتی صۆفیو شێخی کردووە، ئەمە بەشێکی ڕاستە، بەڵام هەمووی نا، چونکە وەصفی زۆرێکیش دەکات بە چاکەو عابدو زاهد، ئەو مەبەستی ئەوانە بووە کە لەو بەرگەدا خۆیان شاردۆتەوە نانیان لەسەر خواردووە، ئەمەش پاشماوەی هەر ماوە، بۆیەش تا ئێستا مەفهومی صۆفیو شێخو دەروێش لە ناوچەی دەشتی کۆیە مەبەست پێی مەفهومێکی تایبەتە، جیاواز لەو مەفهومەی لە ناوچەکانی تری کوردستان هەیە، ئێستاش کە دەڵێن صۆفیو شێخ لە ناوچەی ئێمە ئەو جۆرە تەصەروفاتە دێتە پێش چاوی خەڵك، کەرابردوو بینراوەو باووباپیرانمان بەچاوی خۆیان دیویانە کە چیان کردووە.

نەك ئەو صۆفیایەتیو تەریقەتەی، کە شکلێکی جوانو عیبادەتیە لە شوێنێکی تر، بۆیە ئەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان بەکارهێنانی ئەو موصتەلەحانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

ئێستاش ئێمە بەچاوی خۆمان لە لانەی مەلای گەورە خەڵکێك دەبینین بەڕیشەو نوێژ ناکات، لەجیاتی ناوی خوا شتی تر دەڵێت، بۆیە با لەم بوارە زوڵم لە مەلای گەورە نەکرێت.

### بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئەوقاف:

# لە کۆنگرەی بەرشلۆنە پەیامی ئایینیو نەتەوەییو ئاشتەوایی گەلی کوردمان گەیاند



**ئەمساڵ بۆ یەکەم جار شاندێکی کورد، بەشداریکرد لەکۆنگرەی ئایینەکان، کە ڕێکخراوی (سانتا ئیدیجۆ)ی ئیتالی لەسەر ئاستی جیهانو هەر ساڵە لەوڵاتێك ڕێکی دەخاتو، ماوەی ٢٥ ساڵە بەردەوامە لەسەر بەستنی ئەو جۆرە کۆنگرانە، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئاشتی لە جیهان، ئەمساڵ کۆنگرەکە لە ژێر دروشمی ( نوێژ لە پێناو ئاشتیدا) لەڕۆژانی ٢-٥/١٠/٢٠١٠ لەبەرشلۆنەی وڵاتی ئیسپانیا بەسترا، لەبەر ئەوەی کورد یەکەم جارە بەشداری لەو کۆنگرەیە بکاتو ببێتە ئەندام بۆ ساڵانی داهاتوو، بە پێویستمان زانی بەڕێز (جەمال خدر) بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینیو، بەڕێز (مامۆستا مەلا مادح بەرزێوەیی) ، کە ئەندامانی شاندی کوردستانی بوونو لەو کۆنگرە بەشدار بوون لەو بارەوە بدوێنین:..**

**عەبدوڵڵا ئەحمەد شێرکاوەیی**

جەمال خدر بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی لەو بارەوە گوتی: ڕێکخراوی (سانتا ئیدیجۆ) کە سەر بە ڤاتیکانەو لە ئیتاڵیایە، ساڵانە کۆنگرەیەك ساز دەکات، بەمەبەستی لێك نزیك کردنەوەی ئایینەکانو بڵاو کردنەوەی ئاشتی لە جیهان، ئەمساڵ کۆنگرەکەیان لە بەرشلۆنەی وڵاتی ئیسپانیا ئەنجامدا، کە نوێنەری زۆرینەی وڵاتانی جیهان تێیدا بەژدار بوون، کوردیش یەکێك بوو لەو نەتەوانەی ئەمساڵ ئامادەی کۆنگرەکە بوو، کە بۆ یەکەمین جارە بەشداری دەکات.

لەڕاستیدا لێرە کاك خالیدی بەڕێوەبەری کاروباری مەسیحییەکانو قەشە ڕەیان، کە پەیوەندیان لەگەڵ ڤاتیکان هەیە، ئێمەیان بەو ڕێکخراوە ناساند، ئەوانیش ئێمەیان بۆ ئەو کۆنگرە بانگهێشت، کە لەسەر ئاستی جیهانی ساڵانە دەبەسترێت، کۆنگرەکە ماوەی سێ ڕۆژی خایاندو نوێنەری زۆربەی وڵاتە موسڵمانەکانیش تێیدا بەشدار بوون، ئێمەش وەکو کوردی موسڵمان چووبوین.

بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت سەبارەت بە ڕۆڵی ئەو بەشداریکردنە بۆ کورد زیاتر گوتی: بەڕای ئێمە ئەو بەشداری کردنە بایەخێکی زۆری بۆ کورد هەبوو، تائێستا کورد بەشدار نەبووە لەو کۆنگرەیە، ئەمساڵ یەکەم جار بوو ئامادەی ئەو کۆنگرەیە بووین، زۆربەمان هەر بەجلی کوردیەوە ئامادە بووین، تەقدیری زۆریان گرتین، حەزیان لە موشارەکەی ئێمە بوو، لەبەر ئەوەش کراین بە ئەندام لەو کۆنگرەیەو ساڵانە لە هەر کوێی دونیا کۆنگرە ببەستن کوردیش بەشدار دەبێت، کە ئەمە ڕەنگدانەوەی باشی بۆ کورد هەیە.

### دەرفەتیان داین باسی وەزعی کورد بکەین

ناوبراو گوتیشی: ئێمە تەنها داوەت نەکرابوین بۆ ئەوەی لەوێ ئامادە بینو بەس، بەڵکو موشارەکەی زۆر باشمان هەبوو، ڕۆژی دووەمی کۆنگرە، کە تاوتوێی هەندێ مەسەلەی پەیوەست بە ئاشتی جیهانی کرا، وەزیری ئەوقاف لەسەر مێزی گفتوگۆ وتاری شاندی کوردی پێشکەش کرد، ئینجا مامۆستا مەلا مادح بەرزێوەیی تەرجەمەی عەرەبی کرد، دواتر هەمان وتار تەرجەمە کرا بۆ (ئینگلیزی، ئیسپانی، ئیتاڵی)، سەرپەرشتیاری کونگرە، کە گەورە کاردینالێکی ئەمریکی بوو، دەرفەتی دا، کە باس لە وەزعی کوردستان بکەین، چونکە ئەوان حەزیان دەکرد پەیامی ئاشتەوایی کورد ببیستن.

لەوانە گرنگتر ئەوە بووە، کە ئێمە بەزمانی کوردی وتارمان پێشکەش کرد، کە بووە بەجێگەی خۆشحاڵی نوێنەری وڵاتان.

سەبارەت بەو پرسیارەش، کە بۆچی ڕاگەیاندنی کوردی بایەخی بەو سەردانەی شاندی کوردی نەدا، ناوبراو گوتی: ئێمە ڕۆژانە هەواڵی خۆمان دەگەیاندەوە کوردستان، بەڵام ئۆباڵی بڵاو نەکردنەوەو گرنگی پێنەدانی ئەو سەردانە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی لێرە گرنگیان پێ نەداوە، پێم وایە ئینجازێکی گەورەو مێژوویی بوو بۆ کورد، چونکە لەمەودوا لەهەر کوێ کۆنگرە بکرێ، کورد بەشدار دەبێو وتاری دەبێت، ئەمە دەسکەوتە، بەڵام بەداخەوە بۆ ڕاگەیاندنی کوردی گرنگیان بەو سەردانە نەدا، بگرە ئێوە یەکەم ڕۆژنامەن دێن دەڵێن: ئێوە چیتان کرد لەو سەفەرە، جگە لە ئێوە کەسێکی تر نەهاتووە.

### بەداخەوە بۆ ڕاگەیاندنی کوردی شتی سادە بڵاودەکاتەوە بەڵام هیچ بایەخی بەو سەردانە نەدا

لەدرێژەی قسەکانی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت گوتیشی، ئێمە دوو پەیامان پێ بوو، پەیامێکی ئایینیو پەیامێکی نەتەوەیی، لەگەڵ ئەوەشدا بۆمان باس کردن، کە کورد هەمیشە پەیامی ئاشتەوایی هەڵگرتووەو دەیەوێ لە چوارچێوەی ئاشتیش چارەسەری کێشەکانی خۆی بکات، بەڵام جارێکی تریش دەڵێم بەداخەوە ڕاگەیاندنی کوردی بە شێوەیەکی گشتی هیچ بایەخێکی بۆ ئەو سەردانەی ئێمە نەنواند، دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنیو ڕۆژنامەمان هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆیی کار دەکەنو بەکەمی نەبێ، ئەگەرنا کەناڵێکمان نییە سیاسەتی حکومەتی هەرێمو پەیامی گەلی کورد بەزمانی بیانیو بە ئاستێکی نێودەوڵەتی بڵاوبکاتەوە، جێگەی داخە شتی سادە بڵاو بکرێتەوە، کەچی سەردانێکی لەو شێوە بایەخی پێ نەدەنو باس نەکرێ.

**مامۆستا مەلا مادح بەرزێوەیی**

## لەو کۆنگرەدا پەیامی گەلی کورد بەزمانی کوردی خوێندرایەوەو تەرجەمەی عەرەبیو ئینگلیزیو ئیسپانیو ئیتاڵیش کرا



مامۆستا مەلا مادح بەرزێوەیی وەك زانایەکی ئایینی کورد لەگەڵ ئەو شاندە بەشدار بوو لەو کۆنگرەداو، لە گەیاندنی پەیامی ئاینپەروەری نەتەوەی کورد بەئامادەبوان ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە، بۆیە بەپێویستمان زانی لەو دیمانە بۆچوونی بەڕێزیان وەربگرین.

سەبارەت بە گرنگی ئەو کۆنگرە بۆ کورد گوتی: گرنگی بەشداریکردنی کورد لەو کۆنگرە، کە لەژێر دروشمی (نوێژ لەپێناو ئاشتیدا) لەبەرشلۆنەی وڵاتی ئیسپانیا ئەنجام درا، بۆ ئەوەی زیاتر بتواندرێ ئاشتی باڵ بەسەر جیهاندا بکێشێو، فشاری کۆسپو تەگەرەکانی بەردەم ئەو پرۆسەیەش کەم بکرێتەوە، لەو کۆنگرە نوێنەری زیاتر لە ٦٠ دەوڵەتی جیهان بەشدار بوونو، ئامانجیان ئەوە بوو خاڵە هاوبەشەکان کۆبکرێنەوەو، خاڵە جیاوازەکانیش نزیك بکرێنەوە بۆ ئەوەی هەمووان هاوکار بن لەبەرقەرار کردنی ئاشتی لەجیهاندا.

ئەو ڕێکخراوە ماوەی ٢٥ ساڵە ئەو جۆرە کۆنگرانە ئەنجام دەدات، بەڵام یەکەمین جارە کورد بەشداری لەو کۆنگرەیە دەکات، کە ئەمە ئاماژەیە بە هەرێمی کوردستان، کە ناوچەیەکی هەستیارە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ مەسەلەی ئاشتیو ناوچەیەکی کاراشە لە گەران بەدوای ئاشتەواییدا.

### پێمان ڕاگەیاندن کە پەیامی کورد هەمیشە ئاشتەواییە

لەهەمان کاتدا بانگهێشتی کورد بۆ ئەو کۆنگرەیە، ئاماژەشە بەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی پەیامی ئاشیخوازی هەڵگرتووە، هەر بە فیعلی شاندی کورد لەو کۆنگرەدا، بۆ ماوەی ٢٠ خولەك لەبەرامبەر نوێنەری ٦٠ وڵاتی دونیا بەزمانی کوردیو جلی کوردیەوە پەیامی خۆی خوێندەوە، کە پێم وایە ئەوە بۆ کورد شتێکی گرنگە، لە پەیامەکەشدا باس لەڕۆڵی کورد لە پرۆسەی ئاشتیو مێژووی میللەتی کورد کرا.

لەلایەکی دیکەوە، کە مەلای کورد ببێتە سەفیرو پەیامی دینداریو ئاشتەوایی نەتەوەیەك لەبەردەم نوێنەری زۆرینەی وڵاتان باس بکات، بەڵگەی ئەوەیە کە ئایینو هەڵگرانی ئایین لە کوردستان هەمیشە ڕۆڵیان بینیوە لە گەیاندنو چارەسەرکردنی زۆرێك لەکێشەکان، میللەتی ئێمەش وەك هەمیشە موسڵمان بووەو، ئامانجی ئەوە بووە لە ڕێی دینداریەوە خۆیو نیشتمانەکەی بەختەوەر تر بکاتو پەیامی ئاشتەوایی بکاتە سیمبولی خۆی.

مامۆستای ناوبراو گوتیشی: ئێمە گلەییمان لە ڕاگەیاندنی کوردی هەبوو، وەك پێویست بایەخی پێ نەدا، پێویستە ڕاگەیاندن ئەو ڕێڕەوەی خۆی بگۆڕێ، چونکە ئێستا بۆ ل١١

**خالد ئەلبێر:**

# هەوڵ ئەدەین ئەو ڕووە جوانەی پێکەوە ژیانو هەڵوێستە جوانەکانی یەکێتی زانایان بە دەرەوە بگەیەنین

**زۆر جار باس لە پەیوەندی نێوان موسڵمانانو پەڕەوانی ئایینەکانی تر دەکرێت، کە مێژوویێکی دێرینی هەیەو تا ئێستا لەو هەرێمە کێشەیەکی وا دروست نەبووە، کە نێوان موسڵمانو مەسیحیەکان بەرەو ڕەوشێکی خراپ بەرێت، پەیوەندی نێوان زانایانی ئایینی ئیسلامو پیاوانی ئایینی مەسیحی پەیوەندیەکی دۆستانەیە، لە دیمانەیەکدا بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحیەکانو قەشە ڕەیان پوڵس باس لەو پەیوەندیە دێرینەی پێکەوە ژیان دەکەنو، بەلایانەوە تائێستا پێکەوە ژیان لە کوردستان مێژوێکی پاکی هەیەو کەس ناتوانێ ئەو پێکەوە ژیانە تێك بدات:**

**ئا: پەیام**



بەڕێز خالد جەمال ئەلبێر بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحیەکان لە وەزارەتی ئەوقاف لەو بارەوە گوتی: بەر لە هەر شتێك سوپاسی ڕۆژنامەکەتانو یەکێتی زانایان دەکەم، ئەو باسکردنە خۆی گرنگیدانی ئێوەیە بە مەسەلەی پێکەوە ژیانی ئایینی لەکوردستان.

لەبارەی پێکەوە ژیانەوە من وەك بەڕێوەبەری کاروباری مەسیحیەکانو پێگەکەم کە نوێنەرایەتی مەسیحیەکانی کوردستان دەکات، ڕایدەگەیێنم: کە قەت ڕۆژێك لەڕۆژان گرفتێکمان نەبووە لەبارەی پێکەوە ژیانی ئایینی لەکوردستان بەتایبەت لەوەتەی ئەزمونی حکومەتی هەرێم هاتۆتە کایەوە، لەدوای ڕاپەڕینەوە، موسڵمانو مەسیحیو ئێزیدیو کاکەیی... هتد، لە دامو دەزگاکانی هەرێم دەوام دەکەنو لەبازارو کۆمەڵگەو شوێنە گشتیەکانیش پێکەوەنو پێکەوەش کارەکان ئەنجام دەدەن، ڕەنگە حەڵەت هەبێ، کێشەشی تێدا بێت، بەڵام زۆربەیان دەگەڕێنەوە بۆ لێك تێنەگەیشتنو بەس، ڕێز گرتن هەبووە، خۆشەویستیمان لەنێوان بووە، کە ئەمە وای کردووە ڕۆژ بەڕۆژ ئەو پێکەوە ژیانە بچێتە قۆناغی پێشەوە.

### تائێستا کەس بە ئێمەی نەگوتووە ئاوا بکەنو ئاوا مەکەن

ناوبراو گوتیشی: لە ماوەی کار کردنم لەو پۆستە قەت نەبووە ڕۆژێك کێشەیەکی گەورە هاتبێتە لام، کە پێکەوە ژیانی ئێمە ناشیرن بکات، بەپێچەوانەوە هەمیشە لێك نزیك بووین، ئاگامان لێك بووەو لەسەر هەندێ بابەتیش بۆچوونەکانمان هێمنانە ئاڵوگۆڕ کردووە، پیاوانی ئایینی ئێمە ڕێزێکی زۆریان بۆ پیاوانی ئایینی ئیسلام هەیە، ئەمە زادەی پێکەوە ژیانو ئەو پەیوەندیە دێرینەیە، کە لە کوردستان هەبوە، ئەگەر کتێبی (مێژووی عەنکاوە) بخوێنیتەوە، سەرسام دەبی بەو ڕووە جوانەی پێکەوە ژیان لەنێوان موسڵمانو مەسیحییەکان، هەمیشە واقعی کوردستان وابووە لە بۆنەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان پێکەوە بوونەو هیچ گرفتێکیشیان نەبووە، لەناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو پەیامی دەستخۆشانە لە پاپای ڤاتیکانەوە بۆ زانایانی موسڵمان لە کوردستان هاتووە، کە ستایشی ئەو وێنە جوانەی پێکەوەژیان دەکات.

### قەت تەسەوڕ ناکەین کێشەی پێکەوە ژیان دروست ببێت

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان پیاوانی ئایینی مەسیحیو یەکێتی زانایانو مامۆستایانی ئایینی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحیەکان گوتی: پەیوەندیەکی دۆستانەمان هەیە، کە من لێرەوە زۆر

زۆر سوپاسی یەکێتی زانایان دەکەم، کە هەمیشە تەقدیریان هەبووە بۆ ئێمەو هەڵوێستیان بەرز دەنرخێنین، پێمان خۆشە ئەو پەیوەندیە هەر بەردەوان بێت، لەلایەن خۆشمانەوە هەوڵمان داوەو هەوڵیش ئەدەین، ئەو ڕووە جوانەی پێکەوە ژیانو هەڵوێستە جوانەکانی یەکێتی زانایان بە دەرەوە بگەیەنین، بۆ ئەوەی هەموو دونیا بزانێ ئێمە لێرە تەنیا نینو لە ناوچەیەکین کە تەواو پێکەوە ژیان ڕەنگدانەوەی هەیەو، ئێمە نامانەوێ لەیەکێتی زایانان جیا بینەوەو، دەشخوازین لەسەری بەردەوام بین.

ناوبراو گوتیشی: لەبەر ئەوەی کوردستان بە ئەزمونێکی باش گەیشتووەو سەرکردایەتیەکی حەکیمی هەیە، قەت تەسەوڕ ناکەین کێشەی پێکەوە ژیان دروست ببێت، تائێستا کەس بە ئێمەی نەگوتووە ئاوا بکەنو ئاوا مەکەن، بەڵکو بە شێوەیەکی ئازادانە دەژینو، هەست بە تەقدیری زۆری دەوروبەریشمان دەکەین، هەر کەسێك بیەوێ کێشە لە نێوانمان دروست بکات، من ناوی دەنێم دەستی سێیەم، واتە دەیەوێ نێوانمان ببڕێتو، لەوانەش دەترسین.

بۆیە دەمانەوێ ئەو پەیوەندیە پەرە پێ بدەینو ڕێگەش لەوانە بگرین کە درز لەنێوانمان دروست دەکەن، چونکە بەرژوەندی هەردوولا لەوەدایەو، بێ پێکەوەژیانیش زەحمەتە بتوانین وێنەیەکی جوان پیشان بدەین.

**قەشە ڕەیان پولس**

## دوو هەزار ساڵە پێکەوەین قەتیش کێشەمان نەبووەو پەیوەندیشمان لەگەڵ یەکێتی زانایان خۆشە



دواتر قەشە ڕەیان پولس لەو بارەوە گوتی: ئێمە تائێستا هەستمان بەوە نەکردووە، کە پێکەوە ژیان لە کوردستان لەدواوە بێت، بەڵکو هەموومان وەك ئەندامی خێزانێك لە کوردستان ژیاوین، قەت کێشەمان نەبووە، دوو هەزار ساڵە پێکەوەین، خاوەن مێژووەکی پاکین لە بارەی پێکەوە ژیانەوە، ئینشائەڵڵا لە ئایدەش بەهەمان نەفەس درێژە بەو هەنگاوە دەدەینو هیچ گرفتمان نابێ.

ناوبراو گوتیشی: پەیوەندیمان لەگەڵ زانا موسڵمانەکانو یەکێتی زانایان زۆر خۆشەو بەردەوامیشە، توانیمانە تائێستا زۆر شت لەگەڵ یەك باس بکەینو، زۆرێك بۆچوونمان لەگەڵ یەك گۆڕیوەتەوە، ئێمە سەردانیان دەکەینو ئەوانیش سەردانیان کردووین، کە ئەمە خۆی وێنەی پێکەوە ژیانی ئایینی لە کوردستان قوڵتر دەکاتەوە، ئومێدەوارم هەموو لایەکمان هەوڵبدەین زیاتر پەرە بەو نەریتە بدەینو ڕێگەش لەوانە بگرین کە دەیانەوێ کێشەمان لە نێوان دروست بکەن.

